# ئاکار و سیاسەت: ئامراز و ئامانج

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- لەسەرەتاوە ناوونیشانی ئەو بابەتە پرسیارێکی کێشە سروشتی ئاسا دەورووژێنێ: دەکرێ قسە لە پێوەندی نێوان ئاکار و سیاسەت بکرێ؟ لە چ سەردەم و کایە و دەڤەرێکدا سیاسەت و سیاسەتمەدار دەرفەتی ئازادی بنەماکانی ئاکاریان داوە؟!

ئەگەر سەدەکانی ناوەڕاست بەوە گازندە کرابێ کۆششی کردووە هەموو بابەتەکانی کولتوور و شارستانییەت بخاتە ژێر ڕکێفی ئایینەکەوە بە فەلسەفەشەوە و نەکراوە باسی هیچ جۆرە ئازادییەک بکرێت، لەلایەکی ترەوە جارێکی تر گازندەی ڕابەرانی ئایینی دەکرێ کە دەیانەوێ سیاسەت بۆ مەبەستی تایبەتی بەکار بهێنن، چۆن دەکرێ سیاسەت و ئاکار بەیەکەوە بێنەوە؟ ئاکارێک کە پڕیشکی سیاسەتی بەر نەکەوێ و بەربەستی لەبەردەمدا نەبێ و بەئازادی چوست و چالاک بێ، بەبێ تۆبزی کۆششی جێگیرکردنی بنەماکانی بدات، ئیتر لە کرداری تاکە کەساندا بێ، یان لە سەرجەم کۆمەڵگەدا و بە سیاسەتمەدارانیشەوە!

- لەو پرسیارانەوە دەرگای چەند ڕەهەندی بابەتێک دەخرێنە سەر پشت کە خۆیان وەک کەرەستەی توێژینەوە و چەمک وا بەئاسانی یەکلایی ناکرێنەوە:

- ئایین.
- سیاسەت.

- دەوڵەوت.
- کۆمەڵگە.
- بابەتی ئاکار.
خاڵێکی هاوبەندی گشتییان کە پێکەوە لە خانەیەکدا کۆیان دەکاتەوە: کردار و بیرکردنەوە و ژیانی مرۆڤە لە کۆمەڵگەدا.

پێوەندی نێوان سیاسەت و ئاکار، کامیان بنەما و ئاراستەکار و سەردەستەیە؟ کێشەیەکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ! سیاسەت بەهەر جۆرێک لێک بدرێتەوە، بێگومان وەک ئامرازێکی کار و کاریگەر، ئایا تەکنیکی بەدیهێنان و جێبەجێ کردنی شیاوەکییەکان بێت، یان کاڕڵ شمیت گوتەنی:

پتر نزیک کردنەوەی دۆستان و بێ لایەنکردنی ناحەز و ڕکەبەر و نەیاران بێت (١)، یان سیاسەت وەک کار و پیشە دابنرێ وەک ماکس ڤیبەر وای داناوە (٢)، هەر چەند سەربەخۆ کارابێ لەخۆیدا، بەبێ کۆمەک ناگاتە ئەنجام، ئەو کۆمەکە ئیتر لە چ لایەکەوە بێت! لێرەدا ڕۆڵی ئاکار سەر ئاو دەکەوێ: دەکرێ سیاسەت بەبێ ئاکار (مۆڕاڵ) وێنا بکرێت؟ گومانیش لەوە ناکرێ کە دەوڵەت بە مۆدێلی یەکەی یەکڕەنگی و یەکگرتوویی سیاسەت و پراکتیزەکردنی بە پێشمەرج دادەنرێت. ئەم بۆچوونە بۆنی ئەوەی لێ دێت کە دەوڵەت و سیاسەت بخرێنە دوو تای یەک تەرازووەوە، بگرە بکرێن بە یەکەیەکی لێک نەترازاو.

- ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ: ئایا لە نێوان سیاسەت و ئاکاردا خاڵی هاوبەش هەیە پێکەوە کۆیان بکاتەوە؟! یان بابەتی لەیەکتری ترازان لەنێوانیاندا کارایە؟

دەوڵەت کە پشت بە سیاسەت دەبەستێ، سەرەڕای ئامراز و لایەنەکانی دیکە، بوونەکەی پێداویستی ژیانی گەل و کۆمەڵگە پاساوی دەدەنەوە، ئەرکەکەی لەوەدا بەرجەستە دەبێ لە قەڵەمڕەو و دەڤەرەکەیدا نەزم و ئاسایش و ئاشتی و پاراستن و دڵنیایی و هێمنی و لە هەندێک دۆخدا دەرفەتی کار و ژیان دەستەبەر ببێ و زامنی ئەوە بکات قانوون باڵادەست بێت و دەستوور پیادە و جێبەجێ بکرێت! ئەو دەستوورەی بەڕاستی دەربڕی نەزمی کۆمەڵایەتی و بوونی هەڕەشە لێ نەکراوی کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئەو سیاسەتەی لێرەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ! بەهیچ جۆرێک لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتەکە جیا ناکرێتەوە، بە چەند خاڵێک لە یەکتری دەچنە سەنگەرەوە:

**یەک:** لە سیاسەتدا دۆست و دوژمن ئەگەر هەشبێ، هەمیشەیی نین.

**دوو:** سوود و قازانجی هەمیشەیی هەیە.

**سێ:** سیاسەت بەگشتی لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری گەل و کۆمەڵگەکانەوە، لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتاندا بەچاوی ناڕێ و گومانەوە تەماشا دەکرێ. بەپێچەوانەوە لە ئاکاردا ڕەوشەکە بەجۆرێکی دیکەیە:

- لە ئاکاردا دۆست و دوژمن نین، بەڵکوو ڕکابەر و جودا بیر هەیە.

- بنەماکانی ئاکار پاساوی کاروکردارێک نادەنەوە کە لە پێناوی مەبەست و سوود و قازانجی تایبەتی و دیاریکراو کرابن.

- بنەماکانی ئاکار لە چوارچێوە گشتییەکەدا نەگۆڕاون و لە وردەکاریدا گۆڕانیان بەسەردا دێت! لە هەر شوێنێک بێت چاکەکاریی هەر خوازراوە و ستەم و بەدکاریی جێگەی نەفرەت لێکردنن. لە کوردەواریدا بنەمایەکی چاکەکاریی (خێر- ئاکار) هەیە، ئەگەرچی سروشتێکی ئایینی هەیە، بەڵام پەسەند و ڕەوایە و دەربڕی بنەمای ڕاستەقینەی کرداری ئاکارییانەیە:

ئەگەر چاکە (خێرت) بەدەستی ڕاست کرد،
با دەستی چەپت پێی نەزانێ.

ڕەخنەیەک کە پتر خەسڵەتی توێژینەوەیی هەیە، ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونە بەراوردییە دەبێتەوە:

دەوڵەت، سیاسەت، کۆمەڵگە، بنەماکانی ئاکار، مرۆڤ خۆی داینناون و ڕەنگی ڕشتوون و دایهێناون! ئەگەر سیاسەت بەد و ناحەز بێ، ئەگەر دەوڵەت نەتوانێ کێشەکانی ژیان و کۆمەڵگە چارەسەر بکات، گازندەکە یەخەی مرۆڤ خۆی دەگرێتەوە. هیچ کاتێک لێپێچینەوە لەگەڵ بەرکار (ئەنجام) ناکرێ، بەڵکوو بکەر (هۆکار) دەچێتە ژێرباری ئۆباڵ کێشانەوەکەوە. کێشەکە لە مرۆڤ خۆیەوە کەوتووەتەوە کە:

**یەک:** خواستی سنووربەزێن و داخوازی لە ڕادەبەدەری هەیە و ئەوەی نموونەیی نەبێ، پەسەندی ناکات، کەچی هەر خۆی.

**دوو:** توانایەکی سنووورداری هەیە و بەهیچ جۆرێک ناتوانێ سنووری خۆی ببەزێنێ، ئەمەیە سەرچاوەی کێشەی بابەتەکە.

٢- کە مرۆڤ قسە لە پێوەندی نێوان هەر دوو بابەتی کێشە لە سەری سیاسەت و ئاکار دەکات، چەند فەیلەسووف و سیاسەتمەدارێک سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. ئەو ڕابەرانە لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئەو پێوەندییەیان تاووتو کردووە، بە دەگمەن نەبێ خاڵی هاوبەش و لە یەکچوون لە نێوانیاندا هەست پێ ناکرێ: ئەو لە یەکتری چوونە سەنگەرەوە، هۆکاری کولتووری و ئایینی و زانستی و ئابووری و قانوونی هەیە کە هەریەکەیان لەوان کردوونی بە بنەمای تیوری و بۆچوونەکانی.

ئەگەر سیاسەت ئامرازی چرووپری دەربڕینی سوود و قازانجی ئابووری بێت و ئەگەر ئایین (سەرەڕای سروشتە ترانسندێنتییەکەی) دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، بەو پێیەی هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ ئایین نەبووە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە ئاکار لقێکی ڕیکوپێکی فەلسەفە بووە و مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ) دوو کتێبی لە بارەیەوە داناوە، بەڵام لە هیچ سەردەمێکدا بەبێ کێشە و بەرە نەبووە، هەمیشە لەلایەن ڕابەرانی ئایین و سیاسەتمەدارانەوە دەست بۆ قەدەغە و پاوانەکەی براوە و بۆ مەبەستی تایبەتی پەنایان بۆ بردووە و بەکاریان هێناوە ئەو بەکارهێنانەش بەپێی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی چینایەتی ئەو ڕابەرانە بەرجەستەبووە. ئەو بەکارهێنان و بەرجەستە بوونە لە زۆر ڕەوشدا بابەتی ئاکاری لە بنەما و ئامانجەکانی دوورخستووەتەوە.

٣- ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە سیاسەت و ئاکارەوە هەیە، چەند ڕابەرێک لە گۆڕەپانە خامە بە برشت و ڕەنگینەکەیان خستووەتەکار:

**یەک:** نیکۆلۆ ماکیاڤیللی (شاکاری میر).

**دوو:** کارل مارکس (مەتریالیزمی مێژوویی- مانیفێست- ئایدیۆلۆجی ئەڵەمان).

**سێ:** سۆسیال دیموکراتەکان: لاسال، کاوتسکی برنشتاین لە چەند نووسین و وتار و بەرهەمێکدا لایان لەو بابەتە و ڕۆڵی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا کردووەتەوە.

بەتێکڕایی لەلای ئەو هزرمەندانە کردارەکان دەکرێن بە سێ جۆرەوە:

**یەک:** ئەو کار و کردارانەی بەپێی بنەماکانی ئاکار ڕێگەدراون.

**دوو:** کار و کردارێک کە ڕێگە نادرێ و تابۆ و قەدەغەن.

**سێ:** ئەو کردارانەی بەپێی بنەماکانی ئاکار ئەرک و فەرمانن و دەبێ بکرێن.

ئەو کێشە بنەڕەتییەی لەو کایەیەدا سەر ئاو دەکەوێ: مرۆڤ لە ناو خێزان و کۆڕ

و کۆمەڵگـەی دیـاردا ژیـان بەسـەر دەبـات، کۆمەڵگـەش بەبێ دامـەزراو و دەزگاکانـی دەوڵـەت بوونەکـەی وێنـا ناکـرێ، ئـەو دامەزراوانـە لـە چەند یەکەیەکـی سیاسـی و دادوەریـی و جێبەجـێ کـردن بـەو لاوە نیـن، ئەمانـەش لـەلای خۆیانـەوە جـۆری کـردار و بیرکردنـەوە و ژیانـی مـرۆڤ سـنووردار دەکـەن، لێـرەوە جارێکـی تـر ڕۆڵـی بنەماکانـی ئـاکار کارا دەبێتـەوە: دەتوانـێ لـەو دۆخـەدا، لـە ژێـر تۆبـزی و پاڵەپەسـتۆی هەژموونـی سیاسـیدا چـی بـکات و چ پێشـکەش بەتاکەکانـی کۆمەڵگـە بـکات بـۆ ئـەوەی هاووڵاتییەکـی سـوودبەخش و چاکـەکار بـن؟

- لـە هەنـدێ سـەرچاوەدا باسـی چەمکـی جۆراوجـۆری بابەتـی ئـاکار دەکـرێ، بەتایبەتـی لـەو پێوەندییـە دەسـتیاوییەی لەنێـوان ئـاکار و سیاسـەتدا هەیـە. ئەگـەر سیاسـەت پەنـای بـۆ ئـاکار و بنەمـا و ڕێوشـوێنەکانی بردبـێ، بێگومـان بنەماکانـی ئاکاریـش لـەلای خۆیانـەوە لـەوە خاتـر جـەم بـوون کـە هێزێکـی تۆکمـەی سیاسـی کاربەدەسـت باشـترین ئامرازێکـە بـۆ جێگیرکردنـی بنەماکانـی ئـاکار. لـەو چەمکانـەدا کـە لەو بـوارەدا بەرچـاو دەکـەون:

- کۆنەپارێـز (محافـەزەکار) پێشـکەوتنخواز، ئـاکاری سـەرمایەداری، ئـاکاری سۆسیالیسـتی، زمانـی ئاکار، میتائـاکار. بەهاوبڕیـارە ئاکارییەکان. جیـاوازی بەکارهێنانـی ئـەو چەمکانـە لەلایـەن ئـەو لایەنانـەوە کـە بەکاریـان دەهێنـن لـەوەوە سـەری هەڵـداوە: هەڵوێسـتیان بەرانبـەر ڕابـوردوو و ئێسـتا و دوارۆژ چۆنـە؟ چـۆن ئـەو قۆناغانـە هەڵدەسـەنگێنن و چاوەڕێـی چـی لـە دوارۆژ دەکـەن؟

لەلایەکـی تـرەوە پراکتیزەکردنـی سیاسـەت لـە دەوڵـەت و کۆمەڵگـەدا بەبـێ بەکارهێنانـی هێـز بـۆ جێگیرکردنـی نـەزم و سیسـتمە لـە ئـارادا بـووە کـە سـووک و ئاسـان نییـە ئەگـەر نەگوتـرێ لـە کـردن نایـەت، بـەڵام ئـاکار بەپێچەوانـەوە بوونـی ئـازادی تـاک و دەسـتەجەمعی دوور لـە بەکارهێنانـی هێـز دەکات بەپێشـمەرجی بـەردەوام بـوون و کاراییەکـەی.

- کێشـە سیاسـییەکان هیـچ جـۆرە هاوبەشـی و ناوکۆییەکیـان لەگـەڵ پێکهاتـە و کێشـە ئاکارییەکاندا نییـە و گشـت بڕیـار و چارەسـەرەکانی کێشـە سیاسییەکان ناچنـە خانـەی پاساودانی ئاکاریانـەوە ئەگـەر ڕەوشـەکە ناچاریـی نەبێـت.

ئەگـەر سیاسـەت خـۆی لەخۆیـدا، ئەگـەر دەسـەڵات نەبـێ بەجۆرێـک لـە جـۆرەکان، ئـەوە دەسـەڵاتێک هەیـە لـە دەوڵەتـدا کـە پێـی دەگوترێ دەسـەڵاتی سیاسـی پشـتی پـێ دەبەسـتێ و ئامانـج و مەبەسـتەکانی پـێ دابیـن و جێبەجـێ دەکات، ئایـا دەکـرێ بـەو شـێوازە خـۆی قسـە لـە دەسـەڵاتی بنەماکانـی ئـاکار بکـرێ؟ ئەگـەر وەڵامەکـە ئـەرێ بـوو، ئـەو دەسـەڵاتە کامەیـە و لـە چییـەوە سـەرچاوە دەگـرێ؟

ئایـا ئـەو دەسـەڵاتە کۆمەڵگـە و دابونەریتـە؟ یان ئایینـە؟ یـان سیاسـەتە؟ کەواتـە ڕۆڵـی هزرمەنـد و فەلسـەفە لـەم کایەیـەدا چـی دەبـێ؟

٤- کەواتـە دەبـێ ئـەو مەرجانـە چـی و کامانەبن کـە لـە دەسـەڵاتێکدا بوونیـان هەبـێ بـۆ ئەوەی بشـێ پێـی بگوتـرێ: دەسـەڵاتی ئاکار؟ بەشـێوەیەکی دیکە ئایـا بابەتـی بنەماکانـی ئـاکار کـە هانـدەری جـۆرە ڕەوشـت و کرداری چاکەکاریـن و دوورخستنەوەن لـە پێچەوانەکـەی، پێویسـتی بەهێـز و دەسـەڵات هەیە؟! ئەگـەر وەڵامەکـە ئـەرێ بـوو، ئەوکاتـە جیـاوازی لـە نێـوان سیاسـەت و ئـاکار چـی دەبـێ؟ ئەوجـا چ ڕۆڵێـک بـۆ کارکردەی ئـازادی دەمێنێتـەوە؟

- لـە فەلسـەفەی ئاکاردا جیـاوازی لـە نێـوان

سێ ڕەهەنددا دەکرێ:

- بڕیارە (حوکمە) ئاکارییەکان.

- پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی بابەتی ئاکار.

- تا چەند تاکەکانی کۆمەڵگە قەناعەت و بڕوایان بە بنەما و بڕیارەکانی ئاکارییانە هەیە؟!

ئەوەی گومان هەڵناگرێ و مرۆڤی هزرمەند لاری لێ نییە کە بڕیار و بنەما ئاکارییەکان کاتێک دەتوانن کارابن و کار لە کردار و هزری تاکی مرۆڤ بکەن، نەخشەی کردارەکانی مرۆڤ بڕێژن و ببنە مایەی ئەوەی قسە و کردار یەک بن ئەگەر هاتو:

**یەک:** بڕیار و بنەما ئاکارییەکان ئەو تواناییانەیان هەبێ خەڵک هان بدەن چاکەکار بن.

**دوو:** دەبێ ئەو بنەما ئاکارییانەی بڕیارە ئاکارییەکان پشتیان پێ دەبەستن هەمەکی و سەرتاپاگیربن.

**سێ:** بنەمای هەمەکی و سەرتاپاگیریی لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە سوود و قازانج و ڕەوشی تاک و کۆمەڵ و خەڵک و مرۆڤایەتی لەبەر چاوبێ، ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسان دەکات: بۆچی دەبێ خەڵک لە کردار و بیرکردنەوەیاندا پابەندی بنەماکانی ئاکار ببن و پەیڕەویان بکەن؟ ئەمەش ئەو دەگەیەنێ کە ئاکار وەک بنەما و پێوەر و ڕێنمایی لە چەمکەکانیدا پێوەندییە کۆمەڵایەتییە هەمە جۆرەکان ڕەنگ دەدەنەوە و دەردەبڕدرێن و بەرجەستە دەبن.

- ئەگەر بەو پێیە بێ، دەکرێ بپرسرێ: تا چەند ئەرکی ئاکار بە گشت ڕەهەندەکانییەوە لەوەدا چڕ و خەست و خۆڵ دەبێتەوە کە:

هەڵوێستی ژیانی مرۆڤایەتی بگۆڕێ، یان گۆڕانی بەسەردا بهێنێ.

- ئەو بڕیارە کە ئاکار لە بنجوبناواندا ناچێتە ژێر باری ئەرکی شیکردنەوە، بەڵکوو فرمانی ڕێگە دراو و ڕێگە نەدراو (قەدەغە)، چی بکرێ و چی نەکرێ بە بنەمای چالاکییەکانی دادەنێ! ئەو بۆچوون و هەڵسەنگاندنە لە خۆیدا هەڵوێستێکی ناڕێ بەرانبەر بە مرۆڤ دەستنیشان دەکات، گوایە مرۆڤ لە خۆیدا توانایی و ئامادەیی تێدایە بەلاڕێگەدا بڕوات، پێی لێ هەڵبڕێ و بەدکاری بکات و چاکەکاریش لەلای ڕوون و ئاشکرا نییە، ئەگینا بۆ پێی دەگوترێ ئەمە بکە و ئەمە مەکە، یان وەک مەلای کوردەواری دەڵێ: (لەگەڵ بوونی جیاوازیدا): بە قسەم بکە و بە کردارم (عەمەلم) مەکە! ئەمەش لە لایەکی دیکەوە کاڵ کردنەوەی بۆچوونەکەی سوکراتە کە گوتوویەتی: زانین مایەی چاکەکاریی و نەزانین بەدکاری لێ دەکەوێتەوە.

وەنەبێ چارەنووسی ئەو هەڵسەنگاندنەی ئاکار لە بۆ چوونە- بڕیارەکەی سوکرات باشتر بووبێ، چونکە هەرگیز:

سروشت (تەبیعەتی) مرۆڤ ناگۆڕێ. خووی شیریی تاوەکوو پیریی! بە (بکە و مەکە) مرۆڤی بەدکار نایەتە سەر ڕێگەی ڕاست و ویژدانی ئاڵۆز و بارگران وا بەئاسانی لە کەلی شەیتان نایەتە خوارێ، هەر بۆیە قانوون، دادگا، بەندیخانە، سزا و پاداشت دانراون.

ئەگەر تاکە بژاردەی ئاکار بەتەنیا (ئازادی) بێت، ئەوە سیاسەت جگە لە ئازادی و داد، چەندان بژاردەی تری لەبەر دەستدایە بۆ گەیشتنە ئامانج و جێگرکردنی مەبەست و ڕاز و نیازەکانی وەک ئاشتی، توندوتیژی، جەنگ، هاوکێشەی: دۆست — دوژمن، چەمکی گرینگی سیاسەتە، بۆیە وتراوە جەنگ ئەو ئامرازەیە ئەو داواکارییانە جێبەجێ دەکات کە سیاسەت دەسەڵاتی بەسەریاندا نەشکاوە و نەیتوانیوە بەدییان بهێنێ!.

هەندێک پرسیار لە ئارادان وەک ئەوەی نەتوانرێ بەئاسانی وەڵام بدرێنەوە: ئەگەر دروست بێ، ئاکار و سیاسەت سەر بە یەک نەزم و سیستم نەبن و لەیەکتری جیاوازبن و بڕیار و چارەسەرەکانی سیاسەتمەداران پەکیان لەسەر پاساودان و (ئەشهەد و مابیللای) ئاکار نەکەوتبێ، چۆن دەگونجێ بگوترێ کە: قانوون و ڕێنماییە سیاسییەکان لە بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکارەوە سەرچاوە دەگرن!

٥- ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گشت بابەتێک بە ئاکاریشەوە کرابن بە پاشکۆی لاهووت و بۆ سوود و قازانجی کڵێسەی مەسیحی و ئایینەکەدا بەکارهێنرابن، دوای ساڵی ١٤٥٢ز کە بە داگیرکردنی شاری کوستانتەنۆپڵی یۆنانی لە لایەن تورکی عوسمانییەوە کە لە سەرەتادا ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ ئیسلام پولی و ئەوجا بۆ ئیستەنبوڵ، قۆناغی ئەو دە سەدەیە ساردوسڕ و چەقبەستووەی هەژموونی ئایین کۆتایی هاتووە و گوڵی بەهاری سەدەی نوێ پشکووتووە. هەوڵ دراوە جێگۆڕکەیەک لە بابەتەکەدا بکرێ، سیاسەت و زانست لە جێگەی ئایینەکە جێگیرکراون!

- لە زانستدا ڕێبازی میکانیکی لە برەودا بووە. بەپێی ئەو ڕێبازە گشت شتێک لە بزووتنەوە و کەرەستە (مادده) پێکهاتووە. ئەو بۆچوونە مرۆڤیش دەگرێتەوە. سووڕی خوێن لە لەشدا لە بزووتنەوە بەولاوە هیچی تر نییە. ئەمەش لەخۆیدا بزووتنەوەی زیندووە، تەنانەت بەو پێیە: هزر (بیرکردنەوە) حەز و ئارەزوو، هەست و چێژ و تام و ئازار و خۆشی و ترشی و ترس و لەرز، چەند هێزێکن دەچنە خانەی بزووتنەوەوە. ئەوە بووە مەبەست لەوەی مەتریالیستەکان گوتوویانە: بزووتنەوە و مادده لە ئارادا بن، گشت شتێک پەیدا دەبێ!

- لەنێو ئەو هەموو ئامرازە جۆر بەجۆرانەی کە مرۆڤ بۆ یەکلایی کردنەوەی پرس و کێشەکانی ژیان، بەدرێژایی مێژوو پەرەسەندنی کولتوور و کۆمەڵگە و شارستانیەت دایهێناون، دەرکەوت زانست لە هەموویاندا کارا و بە بڕشت و بەرهەمهێنەرتر بووە، داهێنانی ئەوتۆی پێشکەش بە داهێنەرانی کردووە، سنووری چاوەڕوانکراویان بەزاندووە. ڕاستە چەندان کێشەی ژیان ماون نەتوانراوە یەکلایی بکرێنەوە، ئەو گازندەیە کاڵ دەبێتەوە کە ئەگەر مرۆڤ وردبینانە سەرنج بدات و بیر لە کێشەکان و ڕەوشی ژیان و کۆمەڵگە بکاتەوە: چارەسەرکردنی گشت کێشەیەک و کۆمەڵگە و ژیانی بێ وەی و سەریەشە بۆچوونێکە تەنیا لە ناخی دەروون و مێشکدا وێنەکەی بوونی هەیە.

خواست و ئارەزووی مرۆڤ ڕادەیان بۆ نییە و سنوور بەزێنن، بەڵام توانایی بەدی هێنان و جێبەجێ کردن هەمیشە سنووردارە. کۆمەڵگە، ژیان، کولتوور، شارستانیەت خۆیان هەمیشە کێشەی نوێ دەورووژێنن بۆ ئەوەی دەرفەت و هۆکاری پەرەسەندن و بەرەو پێشچوون و گۆڕان دەستەبەر ببن.

- سیاسەت لەلای خۆیەوە ئەگەر پشکی شێری بەر نەکەوتبێ، ئەوە لەو کایە و دەڤەرەدا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە.

لە سەردەمی نوێدا کە نەزمی دەرەبەگی (فیودالیزم) پیر و لاواز بووبوو سەرمایەداری نوێ دەرکەوتووی شار جێگەی پێ لەق کردبوو. سیاسەت جێگەی ئایین و شار جێگەی گوندی گرتووەتەوە. هەست و بزووتنەوەی نەتەوەیی و دەوڵەت دەرکەوتوون. تەنیا نموونەیەک کە سەرنج ڕادەکێشێ بەهۆی کۆششی فەرهادانەی (مارتن لۆتەر)ی ئەڵمان ئەو شوورەیە ڕووخێنرا

کە بە دەوری ئایین و کڵێسەی مەسیحیدا دروست کرابوو. ئینجیل و نوێژی یەک شەممان کە هەر دەبوو بە زمانی لاتینی بخوێنرێن، وەرگێڕدرانە سەر زمانە نەتەوەییەکان. سنووری نێوان نەتەوەکان تێکڕا بەزێنران و بزووتنەوەی نێونەتەوەیی هاتووەتە کایەوە!

کەواتە لەو ڕەوشەدا دەبێ پێگەی ئاکار و بنەما و ڕێنما و پێوەرەکانی چییان بەسەردا هاتبێ و پێویست بووە چۆن بن؟

هیچ لاری لەوە نییە کە هیچ ڕێژیم (نەزم) سیستمێکی سیاسی ئەگەر خەسڵەت و سروشتی مرۆڤدۆستی هەبێ، ناکرێ پشت بکاتە بنەماکانی ئاکار! بەڵام ناکرێ ئەو لافەش لێ بدرێ کە ئاکار، سیاسەت دەگرێتە خۆی و بەڕێوەی دەبات. هەردووکیان پێکەوە یەکەیەکی یەکڕەنگی نەزم و ڕێژیمەکە پێک دەهێنن و ئەو یەکەیە لە فۆرمی قانووندا بەرجەستە دەبێ! ئەو قانوونە لە وردەکاریی و ناوەڕۆکیدا ژیانی تایبەتی تاکی مرۆڤ و ژیانی سیاسی مرۆڤ و کۆمەڵ و دەوڵەت ڕێک دەخات. ئەو ئەرکە چ ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە بنەمایەکی پێویستی ناچاریی و پابەندکارە، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە هەموو مرۆڤێک ئەرکی سەر شانی چ وەک هاووڵاتی و چ وەک مرۆڤ ڕاپەڕێنێ، ئیتر بەو پێیە تانوپۆی بابەتی ئاکار: داد، ستەم، ئازادی، خوشگوزەرانی، چاکەکاری و بەدکاری (ڕەندوگەند) ڕاستی و ناڕاستی و هەق و (هەقیقەت) دێنە ئاراوە و سەرئاو دەکەون. هەر ئەو سیاسەتەیە کە بەپشتیوانی بنەماکانی ئاکار دەتوانێ وا لە دەوروبەر و کۆمەڵگە بکات کە ببن بە بەندیخانەیەک لە چوارچێوەی نەزم و ڕێژێمەکەدا، یان ئەوەتا ببن بە مەڵبەندی داد و ئازادی و بەختەوەریی لە سێبەریدا مرۆڤ بەدڵنیاییەوە بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ مرۆڤایەتی خۆی هەست پێ بکات.

٦- ئەمەیە مەبەستی هزرمەندان کە گوتوویانە:

دەوڵەتی نموونەیی کە لە سایەیدا نەمامی ئازادی و یەکسانی و داد و برایەتی و مرۆڤپەروەریی شین ببێ و بێتە بەر، ئەو دەوڵەتەیە کە لە پێکەوە هاتنەوە و بەیەکەوە گونجانی هەردوو بابەتی سیاسەت و ئاکار پێک دێت (٣).

- ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ئاکار و سیاسەتەوە هەیە، قسە لە دوو جۆر کۆمەڵگە دەکرێ:

**یەک:** کۆمەڵگەی کراوە (٤) (ئاکاری کراوە).

**دوو:** کۆمەڵگەی کۆنەپارێز (داخراو). (ئاکاری داخراو).

دوو نموونە کە دەکرێ لەو بارەیەوە تاووتو بکرێن، ئەو دوو کۆمەڵگەیەن کە لەسایەی (نەزمی مارکسیزم) و (سەرمایەداری ڕۆژئاوایی ئەوروپا) لە ئارادابوون، ئەگەرچی یەکەمیان کە ناوی مارکسییەتی پێوە لکێنراوە، بووە بە بەشێک لە مێژوو، بەڵام وەک نموونە گەرموگوڕی خۆی لەدەست نەداوە، ئەگەرچی سێ ئاراستەی لێ پێکهاتووە:

**یەک:** تاقیکردنەوەکەی مۆسکۆ: لینین - ستالین.

**دوو:** مارکسیەتی ڕۆژئاوای ئەوروپا، بەتایبەتی ڕێبازی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە بە تیۆری ڕەخنەگرانەش ناودەبرێ.

**سێ:** مەتریالیزمی مێژوویی: مارکس- ئینگلز.

بەکارهێنانی ئەو دوو چەمکە بۆ ئاماژەدان بە دوو جۆری نەزمی حوکمڕانی و کۆمەڵگە لە سەردەمی جەنگی ساردەوە سەری هەڵداوە.

- کۆمەڵگەی داخراو مەبەست لە تاقیکردنەوەکەی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و بلۆکی ڕۆژهەڵات بووە.

– کۆمەڵگەی کراوە مەبەست لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا بووە کە ئەگەر هەندێک دەوڵەتی لێ بەدەربگیرێ، نەزم و ڕێژیمی پابەند بە سیاسەت و فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی تێدا دەستبەکار بووە! کەواتە بە چی ئەم دوو کۆمەڵگەیە لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، بابەتی ئاکار چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟

کۆمەڵگەی کراوە، پەیڕەوی ئاکاری کراوە دەکات. ئازادی تاکەکەسی (لیبرالیزم) پشکی شێری بەردەکەوێ. ڕێژەیی بنەماکانی ئاکار، بەڵام نەک ڕێژەییەکی ڕەها سروشتی سەرەکیی بنەماکانی ئاکار و جۆری پابەندبوون، بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەی داخراودا ئازادی تاکەکەسی پاشەکشەی پێ کراوە. ئاکار بە کوڵک و پێستەوە کراوە بە پاشکۆی سیاسەت و ئایدیۆلۆجی باوی دەسەڵات. جۆرە پابەندبوونێکی سەخت و کڵۆم جێبەجێ دەکرێ کە نەکرێ هیچ جۆرە لارییەک لە بەرانبەریدا هەبێ. سنووری نێوان ماف و ئەرک تەمومژاوی کراوە. میدیای ئازاد تەنیا هەر ئامرازی دەستی دەزگاکانی ڕژێمن. سیاسەت لەو جۆرە کۆمەڵگە داخراوانەدا پشت بە ڕێبازی مێژوویی دەبەستێ، کۆمەڵگەی ئەمڕۆ ئەنجامی پەرەسەندنی دوێنێ (ڕابوردوو بووە) لە چین و توێژی سوود و قازانج جیاواز پێکهاتووە. خەباتی چینایەتی نێوان ئەو چینانە مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆ و دواڕۆژ دروست دەکات. هەر بەو پێیە ئاکاریش کراوە بە دوو جۆر:

**یەک:** ئاکاری پشت ئەستوور بە ئایدیۆلۆجی چینی کاربەدەست کە بەئاکاری چەوسێنەران ناو دەبرێ.

**دوو:** ئاکاری چینی دەستبەسەراگیراو کە بە ئاکاری چەوساوەکان ناسراوە.

– ئەو دوو ڕەنگییەی کێشەی بوونی ئاکار، ئاکاری چینی بەڕێوەبەری دەوڵەت و ئاکاری میللەت (چەوساوەکان) پرسیارێک دەوروژێنێ: ئەگەر ئاکار بابەتێکی سروشتی نەبێت و بەشێک نەبێت لە ڕەهەندەکییەکانی، ژیان دەبێ سەرچاوەیەکی دەرەکی هەبێ! ئەو سەرچاوەیە کامەیە و چ کەس و لایەنێک و بۆ چ مەبەستێک ئاکاریان داهێناوە؟

ئەو پرسیارە کێشە ئامێزە چەند خاڵێک پاسا و دەداتەوە:

**یەک:** ئاکار مرۆڤ خۆی دایهێناوە و هیچ سەرچاوەیەکی ئایینی سەرووسروشتی نییە، ئەمەش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە:

**دوو:** بەرانبەر یەکتری دانانی بنەماکانی ڕەوشت و کرداری کاتەکی کە سەرچاوەکانیان حەز و ئارەزوو و سوود و قازانجە بەرانبەر بەو بنەما بنەڕەتییە جێگیرانەی گەوهەری مرۆڤیان لێ پێک دێت و هەرە کۆن و نەگۆڕن. ڕاست و گونجاو نییە (٥)!

**سێ:** قسەی سۆفستاییەکان و فرەدریش نیتشێ لە جێگەی خۆیدا نییە کە گوایە بنەما و ڕێ و شوێن و قانوونەکانی ئاکار هەژار و نەدار و کەم دەرامەت و لاوازەکان دایانناوە بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی بەهێزان و دەستەمۆکردنیان: چونکە هەژار و چەوساوەکان ئەو توانایی و دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەیان نییە و نەبووە تاوەکوو بتوانن ئەوەی بیخوازن جێگیری بکەن! بەڵام گۆڕین و جێگیرکردن، دوو شتی جیاوازن.

**چوار:** ئاکار نە هەرە کۆنە و نە هەتاهەتاییە (ئەزەلی و ئەبەدی)، بەڵکوو دیاردەیەکی مرۆڤییە سەر بەو کولتوور و شارستانیەت و کۆمەڵگەیە کە مرۆڤ تێیدا گوزەران دەکات و ژیان بەسەر دەبات. دیاردەیەکە وەک دیاردەکانی تر گۆڕان و پەرەسەندن دەیگرێتەوە، بەڵام

سروشـتی دەروونیـی مـرۆڤ خـۆی وایـە کـە دەخـوازێ شـت بـکات بـە هەمەکـی و گشـتی بـۆ ئـەوەی وا پـێ بچـێ کـە بـۆ گشـت جێگـە و سـەردەمێک بگونجـێ. مارکـس گوتەنـی:

پێوەندییەکانـی بەرهەمهێنـان ئـەو بنەمایـەن کـە سـەرچاوەی هەمـوو بەهـا و دابونەریـت و پێوەندییەکن کە لـە کۆمەڵگـەدا بـاو و جێگیـرن. ئـەو پێوەندییانـەش لـە خۆیانـدا دەگۆڕێـن و لـە قۆناغێکـەوە بـۆ قۆناغێکی دیکە هەنـگاو هەڵدەگرن و بـەرە و پێـش دەچـن، بۆیـە نـەزم و بەهـا و بنەمـا ئاکارییەکانیـش لـەلای خۆیانـەوە گۆڕانیـان بەسـەردا دێت (٦)، بـەڵام چ جۆرە گۆڕانێـک؟ ئایا لـە دوا قۆناغـی پەرەسـەندنی کۆمەڵگـە و بەهـۆی خەباتـی چینایەتییـەوە کـە مارکـس بـە قۆناغـی کۆمۆنیزمـی نـاوی بـردووە، بـە کۆمەڵگـەی ئـازادی مرۆڤیـی دانـاوە نـە دەوڵـەت، نـە دەسـەڵات، نـە چەوساندنەوە، نـە ڕکابـەری و خەباتـی چینایەتـی نامێنـێ و خەڵـک بـە ئـازادی و هۆشـیارییەوە کار دەکـەن و دەژیـن و بەختـەوەرن وەک لـە شـاکاری (ئایدیۆلۆجـی ئەڵمانـی)دا هاتـووە؟

ئـەرک و فرمـان بـە یەکسـانی و دادپەروەرانـە دابـەش کـراون (٧)، کەوابـوو بـە هیـچ جۆرێـک پێویسـت بـە بنەمـا و ڕێنمایـی و بڕیارەکانـی ئاکاریـش نامێنـێ! دەکـرێ ئـەم بۆچوونـە بـە کۆتایـی هاتنـی مێـژوو دابنـرێ؟

– ئـەو بۆچوونـە و فەلسـەفەی مارکس خۆیشـی بـە هـەردوو ڕەهەنـدی دیالێکتیکـی مەتریالیـزم و مەتریالیزمـی مێژوویـی بـوون بـە بەشـێک لـە مێـژوو. سـەرمایەداری لەنـاو نەچـوو، سۆشـیالیزم پاشەکشـەی کـرد و ئاکاریـش هـەر مـاوە، بـەڵام چـۆن مانێـک؟!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- Carl Schmitt: Der Begriff des Politichen. Berlin 1979. S. 10. ff. auch: S. 28. ff.

2- Max Weber: Politik als Beruf. Achte Auflage. Berlin 198.

٣- ريمون بولان: الأخلاق والسياسة، ترجمة: د. عادل العوا، دمشق – ١٩٩٢، ط ٢، ص ٢٥٣ و في اماكن أخرى متعددة.

٤- كريستيان دولاكومبان: تأريخ الفلسفة في القرن العشرين، ترجمة: حسن أحجيج، لبنان ٢٠١٥، ص ٢٢١.

٥- دكتور فؤاد زكريا: آراء نقدية في مشكلات الفكر والثقافة، الاسكندرية ٢٠٠٤، ص ٣٩٠.

6- K. Marx, F. Engels: Gesammelte Werke. (Hrsg. Von) Kurt Lhotzky. Koln 2016. S. 37.

٧- كارل ماركس، فريدريك إنجلز: الايديولوجية الألمانية، مصادر الاشتراكية العلمية، دار الفارابي، بيروت، ٢٠١٦.